# پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی عێراق، تەحەدای مێژوو، بۆ رزگاری بێبەشان!

عبدالله مەحمود
abdulla_m64@hotmail.com

11ساڵ لەمەوبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێکهات.کاتێك ئەم حزبە پێکهات،کە هێشتا هەراوهۆریای مەرگی کۆمۆنیزم و مارکسیزم، لە چوارگۆشەی دنیاوەولەبڵندگۆ ڕەنگاوڕەنگەکانەوە درێژەی هەبوو، هێشتا هەراوهۆریای هەڵکردنی باهۆزی دیموکراسی،کۆتاییهاتنی سەردەمی دیکتاتۆرەکان،مژدەی تەنینەوەی تەمەدونی غەربی،گێرانەوەی دنیا بۆ ئامێزی ئاشتی وکۆتاییهێنان بەشەرونائارامی،لە تەوژمابوو.ئەم ئیدعایانە تەنها ئیدعای سەرکەوتوەکانی ناو جەنگی سارد نەبوو،تەنها ئیدعای تەوژمی سەرکەوتووی بازاری ئازاد نەبوو،تەنها مژدەیەك نەبوو کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە باووزاڵەکان و حزب و لایەنەکانیان ڕاییگەیەنن، بەڵکو ئیدعای هەموو بڵندگۆکانی لایەنی تەسلیمبوو وە شکست خواردوش بوو،ئیدعای هەموو ئەو بزوتنەوەکۆمەڵایەتیانەش بوو کە لەپاڵ بلۆکی شکست خواردوودا دەورەکی درێژ بوو ئەژیان و ئیلهامیان لێوەردەگرت،ئیدعای چەپ و ڕاستی بورژوازی بوو بەهەموو لق و پۆپەکانیانەوە،بەدەوڵەت و حزبیانەوە،بە سیاسی و غەیەرە سیاسیانەوە،بەنووسەرو ژورنالستەکانیانەوە،بە هونەرمەندو مێژوونوسانیانەوە، هەموویان لەپاڵ ئەکادیمیاو سیستەمی هەزار سەری ڕاگەیاندنیانەوە ئیدعای سەرەتای دەورەیەکی مێژوویی تریان تەخشان و پەخشان ئەکرد،بۆیەکەم جار بوو لەهەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا مێژوو هەم سەرکەوتوەکان بینوسنەوە هەم شکست خواردووەکان مۆری تەئیدی لێبدەن،وەهەردوولاش بەرگری لەیەك ڕاگەیاندن بکەن و یەك پەیامیش پەخش بکەن، پەیامی مەرگی مارکسیزم و کۆکۆنیزم.

ئەم درۆیە مێژوویە کە ڕایدەگەیاند کۆمۆنیزم و مارکسیزم تەواوبوو،ماهیەتی درۆزنانەی هەموو ئەو چەپ و خۆبەمارکسیست زانانەشی لەسەراسەری گۆی زەویدا دەرخست و بڵندگۆی خۆیانەوە پەخش کراو ڕاگەیەنرا، داس و چەکوشەکان لابران،ئارمی چەپ بوون فڕێدرا، ڕەنگە سورەکان و ناوەکانیان گۆردران یان تێکەڵی ڕەنگی تروناوی تر کران،باسی کرێکارو سۆسیالیزم،باسی مارکس و شۆرش،شیعاری ئازادی و بەرابەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، باسی حزبی چینی کرێکار تەنها وەکو نمونەی تەوهین ئامێز وەبەسەرچوو دەهێنران.
کاریگەری ئەم هێرشە بەرین و سەراپاگیرە دژەکرێکاری و کۆمۆنیزمە لەکۆمەڵگای عێراقیشدا وەکو هەرکۆمەڵگایەکی تر،شۆرکرایەوە ناو کون و کەلەبەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا.نووسەر و قەڵەم بەدەست، حزب و لایەنی سیاسی،بڵندگۆی هەمەجۆر،هیچی لە پێشوو نەئەچوو،ئەتوت ئەمانە هەرئەم دەورەیە چاویانکردۆتەوە سەریانهەڵداوەو پەیابوون. لەوکاتەدا حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق پێکهات.
پێکهاتنی ئەم حزبە لەوکاتەدا وەکو زۆر لایەن وکەس پێیان ووتین بەڕاستی تەحەدای مێژوو بوو،تەحەدای مێژوویەك بوو کە دەیویست ئاراستەی ئینسانەکان بۆ ژیان و داهاتووبگۆڕێت،وە لە قاڵب و مێژووی بەناو تازەدا خواست و ئارەزوە ئینسانیەکان بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و دنیایەکی باشتر لە مەنگەنەبدات.
پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی عێراق بە جیا لە پێداویستیە مێژوویەکەی هاوکات وەڵامێك بوو بەو ڕەوتەی ئەیویست سیمای دنیا لەچوارچێوەی"نەزمی نوێ ی دنیا" نیشانبدات و سازبدات. پێکهاتنی ئەم حزبە،و بەدەستەوەگرتنی مانفیستی مارکس وەڵامی نا بوو بەهەموو ئەو ئیدعاسەراپاگیرەی کە بۆ گێژکردنی کۆمەڵگای بەشەری گەورەترین ماشێنی ڕاگەیاندن و پاشان جەنگی بۆ بەدەستەوەگیرا.جەنگی یەکەمی کەنداو هەوڵێك بوو بۆ ئارایشدانەوەی دنیای دوای جەنگی سارد بەپێ ی ویستی ڕابەری سەرکەوتووی مۆدیلی سەرمایەداری بازاری ئازاد بەسەر ئەوبلۆکەی ئابوریيە دەوڵەتیەی لە یەکێتی سۆفیەتەوە کرابوە مۆدێلێك لەو سەرمایەداریەی کە کێشمەکێشی لەگەڵ بازاری ئازاددا دەکردو ڕێزێکی بەرین لە وولاتانی دنیاش ببونە پەیرەوکەرانی، بۆ ماوەی زیاتر لە 70ساڵیش بەناوی سوسیالیزمەوە دەرخواردی

بەشەریەتی هەسارەی زەویاندا، و بە لەمەیدان چونەدەریشی لەبەرمبەر ئابوری بازاردا ئەمجار هەردوولا"سەرکەوتوو ژێرکەوتوو" ووتیان سوسیالیزم شکستی خوارد،مارکسیزم تەواو بوو، مانفیست بەسەر چوو......تاد.

ئەمە هێرشێك بوو نەك هەر بۆسەرکۆمۆنیزم و ڕادیکالیزم،بەڵکو بۆسەر هەموو دەسکەوتەکانی ئینسان و هەموو بیروباوەڕێکی ئازادیخوازانە وپێشکەوتنخوازانەو مۆدیرن، کەبە خەباتی بزوتنەوە رادیکال و پێشکەوتنخوازەکان و لە پێش هەموشیانەوە لەئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبرەوە بەدەست هێنرابوون.

بێگومان ئەم هێرشەی ڕاست و چەپی بۆرژوازی کاریگەری جدی لەکورتماوەدا لەسەر بەشەریەت هەبوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە ئیدعای لەچەشنی سەرکەوتنی دیموکراسی،دنیای ئاشتی وئارامی،کۆتاییهاتنی تەمەنی دیکتاتۆرەکان....تاد، وەکو خۆشباوەریەك ڕەوتی رووله لاوازی خۆی دەست پێکرد،وە زوو ئەم راستیە دەرکەوت کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بەمانای پەرەسەندن و بەرین بوونەوەی ئازادی ومافەفەردی ومەدەنیەکان نیە،بەمانای ڕژانی خێروبەرەکەتی ئاشتی و خۆشی کۆمەڵایەتی نی یە،بە پێچەوانەوە هەموو دنیا لەسێ چوارساڵی دوای ئەم هێرشەدا بووە مەیدانی نمایشی ڕوداوەدڵتەزینەکانی وەکو نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی.تەنانەت لە شوێنی وەکو ئەمریکای لاتین کە ژمارەیەك لە ڕژێمە عەسکەریەکان لە ناوچون و لەجێگەیاندا دەوڵەتی بەناو مەدەنی دامەزرا،نەبووە هۆی هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە هەڵس وکەوتی دەوڵەتدا بەرامبەر بەکۆمەڵگا،بەپێچەوانەوە لەزۆر شوێندا بەهۆی سەرهەڵدانی حکومەتە ئیسلامیەکان پەرەسەندنی دەسەلاتی دین و کەنیساو کۆنەپەرستی و نائارامی زیاتر بوو.بەو مانایە و بەوئیدعایەشەوە کە دەوترا دیموکراسی سەرکەوتووە،لە هیچ شوێنێکدا سەرکەوتنی دیموکراسی!!نەبوو بە دژایەتی و وەستانەوە بەڕووی زوڵم و سەرکوت و بێمافیەکان.لەوەش واوەتر سەندنەوەی ماف بەشە جیاجیاکانی خەڵك و تەنگەبەرکردنەوەی دەستی پێکرد.

ئێمە کۆمۆنستەکانی سەر بەمانفیستی مارکس و منصور حکمت زۆر زوو پێشبینی ئەم هەلومەرجەمان کردبوو، تەنانەت ئەو ڕیزەبووین کە هەرگیز پێشتر باوەرمان بەوە نەبوو بلۆکی سۆفیەت نوێنەرایەتی کۆمۆنیزمی کردبێت.

هەر بەو سەرمایە سیاسی وعەمەلی و فکریەشەوە حزبی کۆمۆنستی کرێکاریمان پێکهێنا.

پێکهینانی ئەم حزبە، لەکۆمەڵگای عێراقدا لەگەڵ ئەوەی پڕکردنەوەی بۆشایەك بووهاوکات وەڵامێکی زەمانەبوو بە کۆمەڵگای عێراق،ئەم کۆمەڵگایە حزب و لایەنی سیاسی هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تیابوو،ئەحزابی ناسیونالست،دیموکرات،ئیسلامی،ناسیونال چەپ ،ریفرۆمست،و تەنانەت لیبرال....تاد.ئەوەی کە تیای نەبوو حزبی ڕزگاری چینی کرێکارو بەشمەینەتان بوو،هەر بەوهۆیەشەوە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش کرابونە زەخیرەی ئامانجی بزوتنەوە بۆرژوازیەکان ،بەو مانایەپێکهاتنی حزبی کۆمۆنیست ڕوداوێکی گرنگ و دیاردەیەکی ئومیدبەخش ومێژووی بوو،لەدڵی ئەو هەلومەرجە جیهانی و محەلیەدا ئەم حزبە ڕووبەروی زۆر ئەرکی گرنگ و چارەنووس سازبۆوە،ئەرکی وەستانەوە بەڕووی هێرشی ڕاست وچەپی بۆرژوازی و حزب و لایەنەکانیدا،ڕووبەڕووی دیموکراسی کەبۆرژوازی مێژوویەکی دورودرێژ بوو وەکو تەفسیرو لێکدانەوەیەکی خۆی لە ئازادی بەدەستیەوە گرتبوو،ڕووبەڕووی ناسیونال-چەپ بوو کە دەمێك بوو بەناوی مارکسیزمەوە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی گیرۆدەکردبوو،وەخەرێکی ڕوحکێشانی مارکسیزم بوو،مارکسیزمی لە تیۆریەکی شۆرشگێرانەوە بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی و ڕزگاری کۆمەڵگا،کردبووە چەکی گەشەی ئابووری و سەربەخویی میللی،دژی ئیستعماری.ڕوبەرووی دەسەڵاتی ناسیونالیزمێکی تاسەرمۆخ دڕندەی وەکو بەعس بوو،کە دڕندەیەکی بووە هۆی ئەوەی وەکو کاردانەوەیەك حزب و بزوتنەوەی تاسەرمۆخ قەومی،لەسەر بنەمای بوونی زوڵمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان سەرهەڵبدەن و قڵشت و درزی قەومی لە عێراقدا بەرین بکەنەوە. هەروەها حزبی کۆمۆنیست ئەرکی پێناسەکردنەوەی مەقولەو مەفاهیمەکانی وەکو مارکسیزم،شۆرش،ئازادی،چەپ....کەوتبۆوە ئەستۆ.

بەجیا لەهەموو ئەمانە کۆمەڵگای عێراق،بەچەندساڵێك پێش پێکهاتنی حزب هەلومەرجێکی تایبەتی بەسەریا سەپێنرا.و بوو بە کانونی ململانێ ی یەکلاکردنەوەی کێشەی زلهێزەکانی دنیا.

بەدیاری کراوی عێراق کرایە ویستگەی تاوان،کرایە مەیدان و سەنتیزی یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیا،کرایە دەروازەی جێخستنی نەزمی نوێ ی دنیای دوای کۆتایی جەنگی سارد.جەنگی یەکەمی کەنداو وەکو یەکەمین چەغماغەو سەرەتای جەنگی جێخستنی ئارایشدانەوەی دنیا،جغرافیای یەکەمین جەنگی گەرمی دوای جەنگی سارد بوو کە لێیەوە پەیامی کوێخایەتی و هەژمونی دەوڵەتی ئەمریکای بە ڕەقیبەکانی لێوە نمایش کرا،بەهەزران ئینسان بە چەکی مەرگچێن قەتلی عامکران وبەئاگرەکەی هەڵقرچان، ئابلۆقەی ئابوری وەکو جینۆسایدی ئینسان وداروخاندنی ژێربینای کۆمەڵگای عێراق دەستی پێکرد، و خەڵکی عێراقی بێئیرادەو برسی و نابوت کرد و دەستی دەسەلاتی بەعسی درندەی ئاوەلاکرد تا لەژێرناوی وەستانەوە بەڕووی ئەمریکا و زایۆنیزمدا،هەموو ناڕەزایەتی و خواستێکی بەرهەقی خەڵکی عێراق لەهەرچی زیاتر خەڵتانی خوێن بکات،ناوچەکانی دژەفرین سیناریۆیەکی قیزەونی تربوو کە زورێك لەناوچەکانی عێراقی کردە مەیدانی بۆمبابارانی هەموو ڕۆژەو کوشتاری شەرعی ،سەپاندنی ناوچەی "ئارام" کێشەی خەڵکی کوردستانی لە کێشەیەکی سیاسیەوە کردە کێشەی ئاوارەکانی کوردو کۆمەڵگای کوردستانی بێناسنامەی وولاتی کردو کردیە ئۆردوگای لێقەوماوان و سەرگەردان ڕاگیرا،حکومەت وپەرلەمانی میلیشیای حزبی لەکوردستان قوتکرایەوە،حکومەتی بێدەوڵەت و بێناسنامەی وولاتی بە جەنگی ناوخۆیی کە بۆ بەرینکردنەوەی قەڵەمڕەوی دەسەلاتی میلیشیایی بوو ،بەهەواداچوو،کەبەهەزاران ئینسان تیای بوونە قوربانی،و دەروازە بۆ دەستتێوەردانی وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە ئاوەلاکرا،و بەکردەوە بوونە تەرەف لە واقعی سیاسی کۆمەڵگادا،ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بۆ کۆتایی شەر و یەکخستنەوەی دوومیلیشیا و هەڵبژارن!!مۆرکرا،کە لەسەر پایەکی بۆش بیناکرابوو،هەربەوهۆیەشەوە تائێستاش شانسی جێ بەجێکردنی پێ نەبرا. بڕیاری 986ی نەوت بەرامبەر بەخۆراك هێنرایە گۆرو دزی و بەتالانبرنی داهاتی خەڵکی برسی لەلایەن بەعس و دەزگای بیرۆکراسی UN و دەسەلاتی میلیشیای ئەحزابی قەومی-عەشیرەتی کوردەوە ئەوسەرەکەی دیار نەبوو، سەرکوت و بێمافی سیاسی،لەسەراسەری عێراقدا بەشێوەی جیاجیا سیمای زاڵی کۆمەڵگا بوو،مافە فەردی و مەدەنیەکانی ئینسانی عێراقی بەکوردستانیشەوە جێگایەکیان لەئیعرابدا بۆنەمابۆوە،.......لەناو ئەو هەلومەرجەدا ئۆپۆزیسیۆنی

بۆرژوازی عێراق بەچەپ و راستیانەوە،بەقەومی و ئیسلامیانەوە،بەسونی و شیعەیانەوە، بەکوردو عەرەبیانەوە،بەلەناوخۆبوون و دەرەوەی وولآتیانەوە،نەك لەبەرامبەر ئەم وێستگەی تاوانانەدا کەلەدژی خەڵکی عیراق بەرێوەدەبران هەر بێدەنگ بوون، بەڵکو بەشێکی کارای بەرگری کەر لەهەموو ئەو تاوانانە بوون و چەپڵەیان بۆی لێئەدا،ئەوەی لەم نێوەدا لەدژی هەموو ئەم تاوانانە دەرحەق بەخەڵکی کرێکاروزەحمەتکێشی عێراق دەکرا،راوەستا،ماهیەتی ئەم سیاسەتانەی ریسواکرد،خەڵکی لەدژیان سازداو رابەری کرد،سیاسەتی دروست و ڕێگاچارەی خستەبەردەم خەڵکی عێراق تەنهاو تەنها حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ی عێراق بوو،هەربەوهۆیەشەوە هەموو ئۆپۆزیسیونی بورژوازی بەپێ ی توانای خۆیان وەکو بەعس لە کێشەدابوون لەگەڵ ئەم حزبە،دەیان پیلانیان لەدژمان وەرێخست،یاسای بەعسیان بۆدەمەزەردکردینەوە ولەدژمان بەرزیانکردەوە،قورعان و فتواکانی محەمەدیان لەدژمان کردە یاسا،کوشتاریان کردین،و بەئاشکراش پێیان ووتین ئێمە ئێوەمان پێ قبوڵ ناکرێت،ئێران و بەعس لێیمان تورەن،مەجلس ئەعلی و ئیسلامیەکان لێمان ناڕازین....تاد.

سیناریۆکە بەردەوامە،وێستگەی تاوانی گەورەتر بەرێوەیە.11ی سێبتەمبەر ئەورۆژەیە ئیسلامی سیاسی دەست پەروەردەکراوی ئەمریکاو غەرب شکۆی ئەمریکاو ئالآهەڵگری نەزمی نویێ بە لەخوێن هەڵکێشانی هەزاران ئینسانی بێتاوان لەکردەوەیەکی خۆکوژی و خەڵکوژیدا،دەخاتە مەترسیەوە.

دەوڵەتی ئەمریکا گرژئەبێت،لاشەی لەخوێن هەڵکێشراوانی تیرۆرئیسلامی سیاسی دۆستی دوێنی بەدەستەوەیە و ڕادەگەیەنی سەردەم سەردەمی وەستانەوەیە بەڕووی تیرۆردا،لەبەین بردنی تیرۆر کاری هەموو دنیایە، درێژخایەن و فراوانە،ئەوەی لەگەڵ ئێمە دژی تیرۆر نەبێت لایەنگری تیرۆرە. بەڵێ قوربانی وولآتانی دنیاکیبەرکییانە،هەموان دەڵێن راستە،جارێکی تر فایلەسەرئاوەڵەکانی دنیا دەهێنرێنەوە سەر میز، ئەفغانستان،عێراق،ئێران و کۆریا....وەکو سەرچاوەی هەڕەشە ناونوس دەکرێن، چ نیعمەتێکە!!نەزمی بەناونویێ دنیا جێنەکەوتووە،کۆسپی لەپێشە،شەری دژی تیرۆر هەوڵێکی ترە بۆ جێخستنی،هەوڵێکی ترە بۆتەسلیمکردنی رەقیبەکان،ئەفغانستان و ڕژێمی تالیبان پارویکی سوکەڵەیە،سەرچاوەی

ئەلقاعدەیە،حکومەت نیە، تەنها سیمایەکی هەرەقیزەونی دەسەڵاتی چەند جانەوەریکە، بەزووی بنکەودەسەڵاتیان دادەروخێنرێت،دەسەڵاتێکی گویٚ لەمست کە تەعبیر لەدیموکراسیەتی نەزمی نویٚ!!دەکات دادەسەپێنرێت.بەڵام ئەمە کەمە کەس بەمە ناترسێنرێت،کەسیش زۆرنارەحەتی کەوتنی دەسەڵاتی ئەم جانەوەرانەی نی یە.فایلی ئەسڵی دەبیٚ بهێنرێتە بەردەست،عێراق ئەو فایلەیە کە هەم ئەولەویاتی هەیە و هەم جغرافیای مململانێیەکی زیاتر لەدەساڵەی ئەمریکاو رەقیبەکانیەتی،هەمیش نیزامێکی سەرەڕۆی غولئاسایە!!،هەڕەشەیە بۆسەر وولاٚتانی دراوسی و دنیا،خاوەنی چەکی کۆکوژە،بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان جیٚ بەجیٚ ناکات،پەیوەندی هەیە بە ئەلقاعیدەوە.....تاد.

ئەمجارە بەڵی قوربانەکان چەند دەنگێکی کزن،ئەمجارە رەئی گشتی دەڵیٚ نا،نارەزایەتی و خۆپیشاندان دنیا دائەگرێت،خەڵکی هاواردەکەن، ئەم شەرە بۆ دیموکراسی نی یە،لەدژی دیکتاتۆریەت نی یە،بۆ گۆرینی ڕژێمی بەعس نی یە،بۆ لەبەین بردنی چەکی کۆکوژ نی یە، هاوارئەکەن دیموکراسی بە بۆمب وەدی نایە، دیکتاتۆریەت بە دیکتاتۆریەتی جەنگی کۆتایی نایە،چەکی کۆکوژ بەداباراندنی چەکی کۆکوژ بەسەر کۆمەڵگایەکی 20 ملیونیدا،ڕێگای داماڵینی چەك نی یە،سیناریوٚی نیشاندانی بەڵگە مخابەراتیەکانی ئەمریکا نەك رەئی گشتی بەڵکو رەئی رەسمی وولاٚتانیش بۆ خۆی کەسب ناکات،تەنانەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان مل بەبەکارهێنانی هێزی عەسکەری نادەن،بزوتنەوەی دژی شەر دنیا دائەگرێت ئەبێتە هێزێکی گوشارهێنەری بێوێنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا،ئۆپۆزیسیونی بۆرژوازی عێراق بە پێچەوانەی رەئی زاڵی دنیا چەپڵە بۆ جەنگ لێئەدەن،بە ئیرادەی ملیونەها ئینسان لەدژی جەنگ کە پەیام دروشمەکانیان تارادەیەکی زۆر ڕۆشنە ،ئەڵێن ئەمە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی ئیسلامی و بەعسیەکانە،لەو نێوەدا ئەوە هەر حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراقە کۆمۆنیزمی "منصورحکمەت "مارکسە و لە پاڵ بەرەی متەمەدینی دنیادا ئەوەستێت،ماهیەتی جەنگ نیشان ئەدات،ئاکامەکانی جەنگ رۆشن ئەکاتەوە،ڕادەگەیەنی بەرەی متەمەدین کە شەقامی وولاٚتەکانی داگرتووە بەرەی دژی دوو بەرەی تیرۆرستییە،بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی یە،بەرەی

بەئاگاهاتنەوەی دنیای متەمەدنە،بەرەی ئەو ئینسانانەیە کەبەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا بەدوای ئازادی و رادیکالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوەن.

بالآی ملهوری قازانج پەرستی و شەرخوازی مل بە ئیرادەی ملیونەها ئینسان نادات و جەنگ ڕوئەدات،لەگەڵ وێرانبوونی کۆمەڵگایەك و لە خوێنکێشانی هەزاران ئینساندا ڕژێمی صدام حسێن لوش ئەدرێت،ڕاستی پەیامی بەرەی متەمەدین وڕادیکال و کۆمۆنیزمەکەی ئێمە بەرۆشنترین شێوە ئەبن بەواقع(هەرچەندتاڵ)بەڵام حاشا هەڵنەگر.

بەرەی بورژوازی عێراقی شایی لۆغانیانە،ئەوان ئەوەی کە بۆیان گرنگ نیە خەڵك و چارەنووسی کۆمەڵگایە،بۆیە بەسەرلاشەی خەڵك و خوێن و کوشتاریشدا بێت،گرنگ گرتنە دەستی دەسەڵاتە.ئەمە ئەو راستیەیە کە حزبی ئیمە زۆر بەر لەجەنگ ڕای گەیاندبوو.

جەنگ کۆمەڵگای عێراق دەکاتە مەیدانی بەرامبەرکی تیرۆرستی و ژینگەی تیرۆرو پێگەی تیرۆریزم و ئیسلامی سیاسی بەهێزئەکات،حەقێقەتیکی ترە کە حزبی ئیمە رای گەیاندبوو.

لەجێگای فاشیزمی قەومی ڕژێمی صدام،فاشیزمی قەومی و هاوکات دینی تایفی دەبێتە ملۆزمی سەردڵی خەڵکی عێراق،و ناوچەکە،حەقیقەتێکی ترە،کە ئێمە رامان گەیاندووەو سەرەتاکەیشی دیارە.

ئێستا خەڵکی عێراق هەروەکو ڕامان گەیاندبووە، سەربای هەوڵەکانی ئەمریکاو هێزەگویٚ لەمستەکانی لەرێگای پێکهینانی حکومەت و سازدانەوەی دەوڵەت و پەسەندکردنی یاسای بەریوەبردنی ووڵات، ڕوبەڕوی سیناریۆیەکی ڕەشە،ئاسەوارێك لەدەوڵەت،وەلەحکومەت ویاسا نیە،ئەوەی کەئێستا پێی دەڵێن حکومەت و دەوڵەت و یاسا،تەنها سەرەتای هەوڵێکن بۆ بێئیرادەکردنی خەڵکی عێراق و تەسلیم کردنیان و هاوکات ریٚگایەکی دەرچونی ئەمریکایە لەو ئەزمە سیاسی وعەسکەری و تەنانەت دیبلۆماسیەی لە عێراقدا یەخەگیری بووە.

ئەمەش هەر ئەو حەقیقەتەیە کەپێشتر ڕامان گەیاندبوو،ئێستا کە ئەم حکومەتە(قەومی و دینی و تایفی،وبەعسیەی)قوتکراوەتەوە وەکو هەوڵێك بۆ بیناکردنەوەی عێراق و ژێردەستەکردنەوەی خەڵکی بێبەشی عێراق، کە دەیانەویٚ لە رێگای بەدەستەوەگرتنی سەرکوت و داپلۆسینەوەو بەهێنانی " یاسای ئاسایشی نیشتمانی""پێکهێنانەوەی

دەزگای مخابەرات " "یاسای حوکمی ئیعدام".....تاد. خەڵکی عێراق تەسلیمی یاساکانی بەعسی قەومی ودینی و تایفی وعەلاوی ویاوەرەکان بکەن.

دیارە ئەگەر ئەم هەوڵانەیان شانسی چونە پێشەوەی ببێت،ئەوا عێراقی دوای صدام،لەعێراقی سەردەمی صدام زیاتردەبێتە زیندانێکی گەورە،دەبێتە مەکۆی کوشتارو شکنجە،ئیعدام وسەرکوت،ئاوارەیی و برسێتی،بێمافی سیاسی و کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی،تەفرەقەو هەلآواردنی دینی وقەومی.....تاد.

نابێ رێگە بدرێت ئەم جەنابانەی عاشقی زیندان وکوشتارو هەلآواردن و بیمافی هەمەلایەنە،لەژێرناوی گێرانەوەی ئەمنیەت و شەڕی تیرورستانی بیانی وناوخۆدا،لەژێرناوی شەڕی لایەنگرانی صدامدا،شەڕی هەمەلایەنەی خۆیان لەدژی خەڵکی عێراق بۆ بچێتە سەر،رێگای گێرانەوەی ئەمنیەت و نان و ئازادی و دامەزراندنی حکومەتێکی علمانی غەیرە قەومی،تەنها دەتوانی بەردی بناغەی بیناکردنەوەی دەوڵەتی عێراق نوێ بێت کە خەڵکی عێراق دەتوانن تیایدا ئاهی بەختەوەری هەڵبکێشن، بەدەستەوەگرتنی ئامانجێکی ئاوا و کۆبونەوە لەدەوری ئەم رێگا چارەیە و لەدەوری سیاسەت وبەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق،تاکە رێگای رزگاری و کۆتاییهێنانە بەسیناریوی ڕەشی ئێستا و دەستکۆتاکردنی هێزەکانی تیرۆرو ونائەمنی و هەوڵە رەشەکانی حکومەتی کارتۆنی ئێستا. ئەمەپەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری یە لە 11هەمین ساڵیادی پێکهاتنیدا.

ئێستا بەسەربەرزیەوە یادی 11 ساڵەی پێکهاتنی ئەم حزبە ئەکەینەوە و تەحەدا ئەکەین کە ئەم حزبە سەرباری هەر هەورازونشێوێك بەحەق تاکە دیاردەی ئومێدبەخشی رزگاری بووە. حزبی رێکخستن وڕزگاری چینی کرێکاروبێبەشان بۆرزگاری، حزبی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس،حزبی وەستانەوە بەرووی سیاسەت دژی ئینسانیەکانی ئەمریکا، حزبی دژی بەرە تیرۆرستیەکان ،حزبی دژی دەستێوەردانی وولآتە کۆنەپەرستەکان، حزبی بەرەسمی ناسین و خەباتکاری لابردنی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان،و وەستانەوەی بەرووی ناسیونالیزمی کوردو سات وسەوداکانی لەگەڵ بەعس و کرێگرتەیی بۆ وولآتانی ناوچەکە و تالآنیدا، حزبی بەرامبەرکی بۆ ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی،گێرانەوەی ئیرادە بۆ ئینسان،بەرگری لە مەدەنیەت،لە ئازادی ،حزبی شەر لەگەڵ کۆنەپەرستی دینی و دەستەوتاقمەکانیدا ،بەرگری لە

**یەکسانی ژن و پیاو،مافەکانی منالان و لاوان،جێخستنی سونەتی نوێی خەباتکارانە،مململانی ی سیاسی،فەرهەنگی مۆدیرن،...... تادەگات بە خەباتی لێبراوانەی ئەمرۆی بۆ ڕزگاری کۆمەڵگای عێراق لەدەستی هێزە ڕەشەکانی سیناریۆی ڕەش لە هێزەکانی ئەمریکاو دەست وپێوەندیەکانیەوە لە حکومەتەکارتۆنیەکەیدا تا باندە تیۆررستەکانی ئیسلام وشیعەی سیاسی و قەومپەرستە ناڕازیەکان و بەعسیە سەرگەردانەکان.بەیانی دەور و نەخشی پرشکۆ و حاشاهەڵنەگری ئەم حزبەن.وەتەنها ئەم حزبە حزبی بێبەشانی عێراقە بۆ ڕزگاری و ئازادی خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی.**

**2004/7/19**